مەسعود بارزانی پشوازی لە ئەندامی ئەنجوومەنی کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنکانی عێراق کرد

ئەمڕۆ پێنجشەممە (18ـی نیسانی 2024)، لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پشوازی لە دادوەر عەباس فەرحان حەسەن سەرکی بازنەی هەڵبژاردنی کەمیسیۆن و دادوەر عامر موسا مەحەمەد ئەندامی ئەنجوومەنی کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنکانی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی ئەو هەنگاوانە ئاوگۆڕ کرا کە کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ناوێتی، و ئەو هەنگاوانەش کە پێویستە بگیردرێنبەر لەپێناو گەرەنتیکردنی هەڵبژاردنکی پاک و بێگرد و ئازاد.